

به مەسعود بارزانیم وت ناکرێت من دزو جاســــــــــــوس بگرمو تۆ بەریان بدەیت

## د. عەبدولمسەوەر بارزانی:

# کاک ئیدریسو کاک مەسعود بەپێچەوانەی بەڵێنەکانیانەوە رەفتاریان کرد

گفتوگۆی هێرۆ کەمال کەریم
فۆتۆ: هیمداد

عەبدولمسەور بارزانی، کوڕی شێخ سلێمان کوڕی شێخ عەبدوسەلام بارزانییە، لە ساڵی (١٩٤٨) لە شاری (کەربەلا) لەدایک بووە، جگە لەوەی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا خەباتی کردووەو بەرپرسی دۆسێی پەنابەرە کوردەکانی عێراق بووە لە ئێران، شایەتحاڵی نزیک لە ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولو نسکۆی (١٩٧٥)ە، ناوبراو ئێستا وەک ئەکادیمییەک سەرقاڵی کاری زانستییە لە بواری مێژووداو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایەو مامۆستای بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانییە، لەم دیدارەی (لڤین)دا تیشک دەخاتە سەر هەندێک لایەنی نادیاری بارودۆخی شۆڕشی ئەیلولو نسکۆو بە چاوێکی رەخنەگرانەو بێلایەنەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان، هاوکات پێیوایە کە هەندێک هەڵەو رەفتاری سیاسی هەیە، زیانی کوشندەی لە خەباتی سیاسیی رابردوو و ئێستای کورد داوە.

لڤین: بەو پێیەی ئێوە لە بنەماڵەی بارزانین، وەک منداڵێکی ئەو بنەماڵەیە، ژیانی منداڵیتان

چۆن بردووەتە سەر؟

عەبدولمسەور: دەتوانم بڵێم ژیانی منداڵیی من، وەك زۆربەی بارزانییەکان، (بەهۆی خەباتی بارزانییەکانەوە لە پەنای بەرگریکردن لە مافی رەوای کورد) بووە، لە ژیانمدا دووچاری زۆر ناخۆشی بووم، من یەکێکم لەوانە، لە راستیدا نەك تەنیا من، منداڵانی بارزانی ژیانی سروشتییان نەبردووەتە سەر، چونکە ژیانی سروشتیی منداڵ بەم رەنگە نییە. ئێمە زۆربەی کات لە ناوچەکانی باشوور بووین، لە کەربەلاو بەسرەو بەغدا. تا دوایی هاتینە هەولێرو لەوێ ماینەوە تا ئەوکاتەی شۆڕشی (١٩٥٨) روویدا، ئیتر ئەوە بوو عەبدولکەریم قاسم رێگەی بە شێخ ئەحمەد بارزانی دا (کە شێخی بارزان بوو) لە بەندیخانە بێتە دەرەوەو رێگەی دا بارزانییەکان بگەڕێنەوە بۆ ناوچەو زێدی خۆیان. هەر دوای ئەوەش، جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانی داوای کرد کە رێگە بە بارزانییەکانی روسیاش بدەن، بگەڕێنەوە بۆ خاکی خۆیان، راستییەکەی پەیوەندیی شێخ ئەحمەد لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا، لە هەموو حکومەکانی عێراق باشتر بوو، ئەگەر بەراورد بکرێت بە سەردەمەکانی تر. شێخ ئەحمەد شێخی هەموو بارزان بووەو من وەك بارزانییەك بەردەوام ملکەچی فەرمانەکانی بووم، رەفتاری من لەگەڵ خەڵکانی تر جیاواز بوو بەرامبەر شێخ ئەحمەد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لە فەرمانەکانی دەرنەچووم، ئێستاش لەم تەمەنەدا ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ئەو کاتە، قەت لە فەرمانی دەرناچمو سەرپێچی ناکەم، چونکە ئەگەر وانەبم، قەت ناتوانم بە خۆم بڵێم بارزانیم.

لڤین: پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێوان بارزانییەکاندا چۆن بووە؟ واتە ژنو ژنخوازی چۆن بووە؟

عەبدولمسەور: بەپێی دابونەریتی بارزانیی کۆنو لە سەردەمی شێخ ئەحمەد-یش، دەبووایە کچو کوڕ پێش هەموو شتێك رازی بوونایە، ئەمە مەرجی سەرەکی بووە، بارزانییەکانیش دەڵێن ئەگەر خێزان لەسەر بنەمای خۆشەویستی دروست بێت، ئەوا دەتوانین بەرەنگاری هەموو قورسایی ژیان بینو هەر خۆشەویستی بووەتە بناغەی رێککەوتنی هەردوولا.

لڤین: لەناو بنەماڵەکەتاندا بە کێ زۆر کاریگەر بوویت؟

عەبدولمسەور: ئەوانەی من بینیومنو سەرسامم پێیان، تەنها شێخ ئەحمەدەو هۆکارەکەشی دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی لەو پاکترم نەبینیوە لە ژیانمداو رێزەکەشی دەگەڕێنمەوە بۆ پاکیو بێگەردیی ئەو پیاوە.

لڤین: ئەدای پارتە سیاسییەکانو پرۆسەی سیاسیی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت، هیچ رەخنەیەکت لێگرتوون؟

عەبدولمسەور: بەڵێ؛ من نەك وەك کوردێك، بەڵکو وەك نووسەرێکیش رەخنەم لە ناحەزانی کورد گرتووەو رەخنەشم لە بارودۆخی ناوخۆی خۆشمان گرتووە، بەتایبەتی لە پارتە سیاسییەکان، یەکێك لەو رەخنانە کە زۆر دووبارەم کردووەتەوە، یەکنەگرتنی پارتە کوردییەکان بووە، ئەوان تا رادەی ئەوەی تەنانەت دژ بەیەکتر جەنگاونو هەلیان بۆ دوژمن خۆش کردووە، تا سوود لەو ناکۆکییە وەربگیرێت، بۆ نموونە: محەمەد تەلب هیلالی (کە ئیستیخباراتی رژێم بوو) دەڵێت: «کارێکی زۆر ئاسانە کورد بەرامبەر بە کورد بەکاربهێنرێت.» بەداخەوە ئەم قسەیە هیچ درۆ نییە، چونکە جەنگە ناوخۆییەکان باشترین بەڵگەن بۆ ئەم راستییە.

لڤین: پێشتر باست لەوە کردووە کە تێزی دکتۆراکەت مەبەستی سیاسیی لەپشتەوەیە، مەبەستت چییە؟

عوبدولمسەور: بەڵێ؛ چونکە من بۆم دەرکەوتبوو، نووسینی دکتۆراو کتێب باشترین سەرچاوەن بۆ تێگەیشتن لە راستی، من ویستم لە رێگای ئەم کارەوە بە ئەوروپای رابگەیەنم، کورد مافی خۆیەتی بە ئازادی بژی، جا ئیتر بە شێوەی فیدراڵی بێت، یاخود هەر شێوەیەکی تر، چونکە ئێمە میللەتێکین لە دێر زەمانەوە دەوڵەتمان هەبووەو خاوەنی (٤٠) ملیۆن کەسین، بۆچی رەوایە کوێتو ڤاتیکان دەوڵەتیان هەبێت، بەڵام بۆ کورد مافی دەوڵەتی نەبێت.

لڤین: تا چەند هەڵوێستی سیاسیی ئازادانەت هەبووە، تا چەند جیاواز لە کەسانی تری بنەماڵەکەت بیرت کردووەتەوە؟

عەبدولمسەور:وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، من تەنها لە فەرمانی شێخ ئەحمەد لامنەداوەو بۆشم نەبووە، چونکە بەپێی نەریتی بنەماڵەکەمان، دەبێت پابەندی فەرمانی شێخ بین، هیچ کاتێك بەرامبەر شێخ ئەحمەد هەڵەم نەکردووەو دوودڵیش نەبووم لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی، بەپێی ئەو چوارچێوەیەی تیایدا ژیاومو تەنانەت یەك جار سەرپێچیی باوکیشم کردووە، بەڵام لە حاڵەتی سیاسیدا من بەردەوام هەڵوێستی خۆمم هەبووە.

لڤین: لە شۆڕشدا چ کارێکت دەکرد؟ تا چەند پێشبینیی هەرەسی (١٩٧٥)ت دەکرد؟

عەبدولمسەور: من بەرپرسی پەناهەندە کوردەکانی عێراق بووم لە ئێران، بەم سیفەتە کاری خۆمم کردووە، لەو کاتەدا ئیشوکارەکانم بەباشی بەڕێوەبردووە. چەند مانگێك پێش رێککەوتنەکە بوو، هەواڵم نارد بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسیو پێموتن: کە ئێرانو عێراق پێکدێن، ئەگەر ئەمە روویدا، ئێوە چ هەڵوێستێکتان دەبێت؟ بەڵام وەڵامیان نەبوو، بۆیە منیش زیاتر جەختم دەکردەوە، لەگەڵ کاك ئیدریسو کاك مەسعود ئەم بابەتەم چەند جارێك دووبارە کردەوە، تەنانەت جارێك لە نەغەدە بووم، وتیان کاك مسعود بە سەردان هاتووە، منیش خۆمم رانەگرتو چوومە لای، پێموت: ئێرانو عێراق وا خەریکە پێکدێن، ئێوە چی دەکەنو چ هەڵوێستێك وەردەگرن؟ وا دیاربوو کاك مەسعود ئەم جارەیان زۆر نارەحەت بوو، لەبەر ئەوە پێیوتم: عەبدولمسەور تۆ دەڵێی کارت نییە، هەر کە ئیدریسو منت بینی، هەر ئەم باسە دەکەیتەوە، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم تۆ بیزانیت، هەرگیز ئەو جۆرە پرسیارە ناکەیت. منیش وتم: دەکرێت تۆزێك بۆم روونبکەیتەوە؟ کاك مەسعود وتی: ئێمە هەر لەگەڵ ئێرانو عێراق پەیوەندیمان نییە، بەڵکو لەوانیش زۆر گەورەتردا پەیوەندیمان هەیە، بۆ من ئەوەندە بەس بوو کە تێبگەم. وتم: تۆ دڵنیایت؟ ئەویش وتی: بەڵێ. وتم: کاری من تەواو. ئیتر کۆتاییم بەم باسە هێنا. بەڵام بەدبەختی لەوەدا بوو، قسەکان تەواو نەبوو کەسێك بە هەڵەداوان هاتە ژوورەوە (کەسێکی بارزانی بوو، عارەقی زۆری کردبوو، دیار بوو زۆر ماندووبوو،) کاك مەسعود وتی: فەرموو.. وتی: ئەم کاغەزەم لە کاك ئیدریسەوە هێناوەو پێیراگەیانم نابێت مەسعود هیچ کارێك بکاتو بەهیچ لایەکدا نەڕوات، تا ئەم کاغەزە دەخوێنێتەوە. مەسعود رووی تێکردمو وتی: عەبدولمسەور دەبێت چی تیادابێت؟ منیش وتم: ئەگەر بیکەیتەوە دەزانیتو لەوانەشە منیش بزانم چیی تیادایە. کاك مەسعود کاتێك کاغەزەکەی کردەوە، سەرسامی دایگرتو کاغەزەکەی لە دەست کەوتە خوارێ، تەماشایەکی کردمو وتی: ئەوەندەت وت پێکدێن، ئەوا پێکهاتن، هەمووی خەتای تۆ بوو. منیش وتم: ئاخر بۆیە منیش وەهام وت، تا ئاگادار بن، دەی ئێستا چی دەکەن؟ لەوەڵامدا وتی: ئێستا هیچ ناکرێت. کە بڕیاریش درا شەڕ بکرێت، من چوومو پێموت: ئامادەم شەڕبکەم بۆ هەر شوێنێك بێت دەچم، ئیدریسو مەسعود زۆریان پێخۆشبوو.

زۆری پێنەچوو بڕیاردرا شەڕ نەکرێت، منیش دووبارە چوومە لایانو پێموتن: ئەم کارە هەڵەیە دەبێت شەڕ بکرێت، ئیدریس قسەی دەکردو مەسعود گوێی دەگرت، ئیدریس وتی: شەڕ ناکرێت، چونکە ئێمە شەهیدمان داوە. منیش وتم: ئەوانیش زۆریان لێ کوژراوە. وتی: برینداری زۆرمان هەیە. منیش وتم: ئەوانیش هەیانە. وتی: چەکمان کەمە. وتم: ئەوانیش کەمە، بۆیە دووبارە پێموت: لێرەدا کێ دەیباتەوە؟ دیارە زیاتر ئەوانەی لەسەر مافی خۆیان سوورن، ئێستاش خەڵك ئامادەباشیی زۆریان هەیە، چونکە پێیانوایە ناهەقی بەرامبەر کورد کراوە. لەم قسانەدا بووین، حەسۆ میرخان ژاژۆکی کە ئامر هێزی پشدەر بوو هات، ئیدریس وتی: زۆر باش بوو هاتیت، چونکە عەبدولمسەور لەکۆڵمان نابێتەوە، ئەو دەڵێت شەڕ بکرێت، منیش دەڵێم ناکرێت، کاممان راستین؟ ئەویش خۆی تێکنەداو وتی: عەبدولمسەور راستدەکات. ئیدرس رووی تێکردو وتی: لەبەر چی راست دەکات؟ منیش وتم: ئەگەر ئەم گەنجانە ببینیت کە دێن بۆ بارەگاو چۆن بە ریز وەستاونو داوای چەك

دەکەنو داوای خەبات دەکەن، چونکە پێیانوایە خیانەت لە کورد کراوە، لە وڵاتیش ئەگەر ئەمە ببینیت، دەگەیتە قەناعەت کە دەبێت شەڕ بکەین، بەڵام کاتێك زانیم سوودی نییە، گەڕامەوە بۆ نەغەدە، تکاشم لە شێخ سلێمان کرد، دەربارەی ئەم مەسەلەیە خۆی قسە لەگەڵ مەلا مستەفادا بکات، شێخ سلێمان هەمان هەڵویستی منی هەبوو، کە چووشمە مازندەران، هەوڵم دا ڕێگایەك بدۆزمەوە لە ئێران دەربچم، بۆیە پەیوەندیم کرد بە باڵیۆزخانەی ئەمریکییەوە، لەئەنجامدا توانیم بچمە دەرەوە، من یەکێك بووم لەوانەی کە ناوم بۆ نەمسا دەرچوو. سەبارەت بە هەڵوێستیشم بەرامبەر پارتی، دوای مەسەلەی (ئەفسەرە ئازادەکان) کە سەرینەگرت، من ئامادە نەبووم بۆ پارتی دیموکرات کاربکەم، بەڵام کاتێك سەفەرم نزیك بووە، بە ڕێکەوت کاك ئیدریسم بینی، پێیڕاگەیاندم کە دەبێت هاوکارییان بم، منیش لە وەڵامدا بۆم دەژمارد، کە لە فڵان شوێن ئەم رەفتارەت بەرامبەرم کردووەو لە فڵان شوێن گوێت لێنەگرتووم. ئەویش سوێندی دەخوارد کە ئەوە ئیتر دووبارە نابێتەوە، منیش وتم: ئەگەر ئەمجارە کردم مەرجم دەبێت، سەیدای برامو چەند کەسێکی تری وەك عیزەت سلێمان بەگی دەرگەڵەیی، هانیان دەدام کە لەگەڵیاندا کاربکەم، ئەوە بوو مەسعود ڕۆژێك لە کەرەج هات بۆ لام، بۆ هەمان مەبەست، بۆیە منیش چەند مەرجێکم خستە بەردەمی، لەوانە کاتێك دەچینە وڵاتانی ئەوروپا، کە وڵاتی دیموکراتین، ئەو خەڵکانە دەبێت بە شێوەیەکی دیموکراتییانە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، تا پشتگیریی ئەم وڵاتانە بەدەستبهێنین، لەلایەکی تریشەوە مەرجێکی ترم ئەوە بوو، دەبێت جاسوس بە سزا بگەیەنرێت، ناکرێت من جاسوس بگرمو تۆ لەلایەکی ترەوە بەریبدەیت، وتم: من بەم جۆرە کارم پێناکرێتو ناکرێت من دز بگرمو تۆ بەری بدەیت، بەڵکو دەبێت سزای توندی بدەیت، ئەگەر بەم رەنگە بێت، من ناتوانم کارتان لەگەڵ بکەم، ئەگەر ئێوە بە قسەی ئێمەتان بکردایە ئێمە، لە مێژەوە لە کوردستان بووینو ئێستا خەباتمان دەکرد. پێشموت بۆ زانیاریتان ئێستا کەسانێك بە تەمای خەباتن، کە ئەویش (جەلال تاڵەبانی)یە کە لە سوریا خەریکە، لەبەرئەوە من هەرگیز بەشداری لە شەڕی ناوخۆدا ناکەم، ئەگەر پێکهاتن من خزمەت دەکەم، ئەگەرنا من ئامادە نیم شەڕی براکوژی بکەمو چەك دژی کورد هەڵبگرم، چونکە بە بڕوای من کێشەی کورد تەنها بە پارتێك چارەسەر ناکرێت، ئەگەر یەکبن، ئەوسا لەناوبردنمان زەحمەتەو ئەگەر یەکترییش لەناوبەرن، سەرکەوتن بۆ کورد مەحاڵە، کاك مەسعود هەروەك کاك ئیدریس بەڵێنی دا کە ئەم مەرجانە جێبەجێ بکات، بەڵام دەرکەوت بە پێچەوانەوە رەفتاریان کرد، بۆیە منیش دەستم بەسترا لە هاوکاریکردنو وازمهێنا، بۆیە دەڵێم: من بەشداریی شەڕی ناوخۆم نەکرد، دەستم خوێنی هیچ کوردێکی پێوە نییە، چونکە دروشمی من ئەوەبوو، کە دەڵێن «ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.»

**لڤین: کاتێک کە لە نەغەدە بوویت، کاک مەسعود چیی تری پێوتیت؟**

عەبدولمسەور: کاتێك کە شۆڕش لە (١٩٧٥) کۆتایی هات، ئەوە بوو هەندێکیان چوونەوە عێراقو هەندێکیشیان هاتنە ئێران، من یەکێك بووم لەوانەی لە ئێران مابوومەوە، بۆ ماوەیەك لە نەغەدە بووم، چەند هەفتەیەك بەسەر ئەم بڕیارەدا تێپەڕی، ڕۆژێك لە شاری نەغەدە دەگەڕامەوە، کاك مەسعود لەناو خێوەتگەیەکدا بوو، بانگی کردمو پێیوتم: دەتوانیت تا ئێرە بێیت؟ کاتێك چووم، پێیوتم: عەبدولمسەور تۆ راستت کرد، ئێمە دەبوایە شەڕمان بکردایە، بۆ ئێمە زۆر سەربەرزی بوو لە شەڕدا بکوژرابنایە تا ئەوەی ئێستا، منیش وەڵامم دایەوەو پێموت: لە دوای رابردوو مەگەڕێ، چونکە ناگەڕێتەوە، هیچی لێ نەڕۆیشتووەو ئێستاش شەڕبکەین باشترە، کاك مەسعود سەرسامییەکی گەورە دایگرتو وتی: ئاخر ئێستا هەمووی تێکچووە. منیش وتم: با دووبارە دەست پێبکەینەوە. دیار بوو ئەوان هیچیان بیریان لەوە نەکردبووەوە کە دەست بە خەباتی چەکداری بکەنەوە، کاك مەسعود پاڵی دایەوەو وتی: ئەمە چۆن دەکرێت؟ ئەگەر ئەم کارە بە تۆ بسپێردرێت، چۆن دەیکەیت؟ منیش وەڵامم دایەوەو وتم: ئێمە هەندێك ئەفسەرمان ماوە کە لەگەڵ ئێمەدا بوون، لەوانە دەتوانم بەشێکی زۆریان کۆبکەمەوەو هەر کاتێك ئارەزووشم کرد، لە سەربازگەی پەناهەندەیی بەلای کەمەوە دەتوانم (٥٠٠) بارزانی لە بیستوچوار کاتژمێردا کۆبکەمەوە، یاخود هەر پێمباشە کە هەر بارزانییش نەبن، بەڵکو لە سەربازگەی (کرماشان)، (٥٠٠) کەسی سۆرانی هەڵبژێردرێت. کاك مەسعود دووبارە وتی: ئەم کارە دەکەیت؟ منیش وتم: بەڵی دەیکەم، بە مەرجێك هاوکاریم بکەیت، بۆیە یەکەم هەنگاوم ئەوە بوو، ژمارەیەك لە ئەفسەرەکانم لە مهاباد کۆکردەوە، ژوورێکم پڕکردبوو لە ئەفسەر، پێموتن: قورئانێك بهێنن لە ناوەندی ژوورەکەدا دایبنێن، پێموتن: بڕیارم داوە من بگەڕێمەوە، کێ پشتیوانیم دەکاتو کێ بەشداری دەکات لە دەستپێکردنەوەی خەباتدا؟ ئەوە بوو زۆربەیان سوێندیان خواردو وتیان: لەگەڵتداین. بۆیە هەر زوو هەواڵمان بە کاك مەسعود گەیاند، کە یەکەم هەنگاوی کارەکەمان کردووەو ئێستا ئێمە چاوەڕێی هەنگاوی ئەوانین کە هاوکاریمان بکەن، بەڵام هیچیان دیارنەبوو، لە ئەنجامدا گلەیی ئەفسەرەکان روویکردە من، چونکە ئەفسەرەکان پێیانوابوو من پەشیمان بوومەتەوە لە کارەکە، منیش وتم: راستە بیرۆکەکە هیی منە، بەڵام کە هاوکارم نەبێت، من چی بکەم؟ بۆیە دواجار پێموتن: بۆ من وا باشترە بێن لەگەڵمدا تا لەگەڵ کاك مەسعوددا قسە بکەینو بتوانین قەناعەتی پێبکەین، ئەوە بوو (٣) کەس لە ئەفسەرەکان هاتن، بەڵام دوایی بۆمان دەرکەوت هیچیان نەکردو کارەکەشمان هیچ ئەنجامێکی نایێت.

**لڤین: لە کۆتاییدا ئەفسەرەکان چییان لێ بەسەرهات؟**

عەبدولمسەور: زۆری بەسەردا نەڕۆیشت، ئەفسەرەکان گواسترانەوە بۆ شارەکانی ناو ئێرانو دوور لە سنووری عێراق، ناتوانم بڵێم ئێران ئاگاداریی هەبووە یان نا، لە ڕێکخستنی ئەفسەرە ئازادەکانو لەو شتەی کە روویداوە، بەڵام کە چوومە مازندەران، بۆم دەرکەوت ئێران ئاگادار بووە، چونکە من لە (بوشەهر) بووم، لە کارخانەی پەموو دایاننابووم، بەڵام دوایی لەوێ منیان بانگ کرد بۆ ساری (کە ناوەندی پارێزگای مازندەرانە.) لێیان پرسیم: «ئەفسەرە ئازادەکان» کێن؟ منیش خۆمم ناشارەزا دەکردو پێموتن: «ئەفسەری ئازاد» لە وڵاتی میسر هەیە، لەژێر سەرپەرشتیی جەمال عەبدولناسر، ئەگەر مەبەستیشتان لە ئەفسەرە ئازادەکانی عێراق بێت، ئەوە لەژێر سەرپەرشتیی عەبدولکەریم قاسمدایە. وتیان: مەبەستمان لە ئەوان نییە، مەبەستمان لە کوردەکانە.

**لڤین: ئایندەی کورد چۆن دەبینیت؟**

عەبدولمسەور: بە بڕوای من پێویستە هەموو پارتە سیاسییەکان روو لە دیموکراسی بکەن، پەیڕەوی دیموکراسی لەناو پارتەکەیاندا پەیڕەو بکەن، پەیوەندییشیان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان لەسەر بنەمای دیموکراسی بێت، هیچ میللەتێك بەقەد کورد پێویستی بە دیموکراتی نییە، دەبێت یەکهەڵویست بنو خۆیان بەدوور بگرن لە شەڕی ناوخۆ، چونکە ئەوە راستییەکە، کە ئەو کوردانەی بە دەستی کورد کوژراون، هیچ کاتێك بەدەستی دوژمن ئەوەندە نەکوژراون، من لێرەدا باس لە ئەنفال ناکەم، کە زۆر کەسی تیادا کوژراوە. جگە لەوەش، کورد بە ڕێگەی شەڕ زۆر شتی بەدەستهێناوە، بەڵام لەبەردەم مێزی دانوستان دۆڕاندوویەتیو سەرکەوتنەکانی لەدەستداوە.